ئەرشیف و مێژووی و چەشنەکانی

بەشی یەکەم

١ ـ ئەرشیف لە لایەنی زاراوەوە Archives

دەتوانرێت بۆ ناسینی زاراوەی ئەرشیف بووترێت کەوا دەستە ـ یەکە ئەرکی پاراستنی بەلگەنامەو دۆسیەو تۆمارو نووسراوەکان بە شێوەیەکی رێکو پێک لە ئەستۆ دەگرێت ، ئەمانەیش چی لە دەزگایەکی گشتی یان نیمچە گشتی‌یەوە دەرچووبن ، ئەگەر دایەرەی کاروبار بن یان دەستەیەکی تایبەتی Privyentity هەروەها دامو دەزگار بەرژەوەندی و کومپانیا حکومەتییەکانیش کە نیشەو کارەکانیان پەیوەندی‌ی بەو شتانەوە هەیەو خۆیشیان ئەرکی پاراستن‌و چاودێری کردنیان لە ئەستۆ دەگرن‌و کاربەدەستانیان بەرو دووا یان هەر لایەنێکی راسپێردراو ناگاداری‌ی پاراستنیان دەکەن ئەویش لە چوارچێوەی فراوانبوونەوەی واتای بنەرەتی‌ی ئەرشیف کە مەبەستەکەی پاراستنی ئەم شتومەکانەیە . هەروەها بریتی‌یە لە پاراستنی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە رەچەڵەکو مێژووی سەجەرەی خێزانان‌و ناودارانەوە هەیەو پاراستنیان بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەی بنەرەتی‌و بەڵگەو پشتیوانی مێژووی وولات‌و نەژادی گەل بەکەلکە. (١)

ووشەیەکی تریش هەیە لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێت ئەویش ووشەی «بەلگەنامە یان تۆمارە "Records"» کە لە بریتانیادا باوە دەلێن « دەزگای بەلگەنامەکان ـ "Records Office" هەروەها لە وولاتی کۆمنویلسدا .

دامو دەزگاو دایەرەکانی ئەرشیف . بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ تێی دەگەین لە مێژە دامەزراون . لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی‌و ، دامەزراندنی ئەرشیفی نیشتمانی‌ی فەرەنسی لە سالی ١٧٨٩ داو ئەرشیفە ناوچەییەکان لە سالی ١٧٩٦ دا دەست پێ‌دەکات . ئەوسا بۆ یەکەمین جار بەڕێوەبەرییەکی یەککرتووی ئەرشیفەکان پەیدابوو کە پێخو شحالی‌و ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ وەرگرتنی هەرچی کۆمەلە ئەرشیفێك کە لە دامو دەزگاو ئەمبارو دایەرەکاندا چەشنێکی ناڕێك پارێزرابوون‌و پەرت‌و بلاو کرابوون .

ئەنجامی کاریش ئەوە بوو :

١ ـ ئەرشیفی نیشتمانی‌ی فەرەنسی دامەزرا کە بوو بە یەکەمین بەڕێوەبەرێتی‌ی دەزگایەکی نیشتمانی‌ی سەربەخۆی ئەرشیف.

٢ ـ دەولەت ددانی بەوەدا نا کە پاراستنی کەلەپووری بەلگەنامەکانی خۆی‌و چاودێری کردنی سەرچاوەو سامانە رۆشنبیری‌یە بەکەلکەکان کە بەلگەنامە نەتەوەییەکان دەنوێن کارێکە لە ئەستۆی خۆیدایە .

٣ ـ بڕیار درا کە ڕێ بە خەلکی بدرێت بچنە نێو ئەرشیف‌و سەیری ئەو شتانە بکەن کە تێیدان ئەنجا لە لێکۆلینەوەو تۆژینەوە زانستی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەلایەتییەکاندا سوودیان لێ وەربگرن .

لەگەل ئەوەیشدا تاکو سالی ١٨٤٠ ئەوا یاسای بنەرەتی Basic Canonکە تا ئەمڕۆیش کاری پێ دەکرێت‌و مەبدەئی «ڕیزگرتنی کۆمەلە بەلگەنامەکان»ی تێدا چەسپ کراوە چەند جارێك لە فەرەنساو بەلجیکدا دەستکاری کراوە ، ئەنجا هۆلەندەیی‌و بروسیاییەکان بژاریان کردو مەبدەئێکی نوێیان خستە ناوبەوە کە ئەویش « جێگیربوونی کۆمەلە بەلگەنامەکان »ە ((Stability Within the founds))

بەلام لەلایەنی مێژووەوە ، ئەوا بەکارهێنانی ووشەی ئەرشیف لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر دەگۆڕێت ، هەروەك چۆن لە وولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکادا واتای ئەرشیف فراوان دەبێتەوەو هەموو بەلگەنامەکانی دامو دەزگا تایبەتی‌و گشتی‌یەکان دەگرێتەوە . بەلام لە بوارێکی تەسکتردا ، یان کەم بلاودا ، هەر بەلگەنامەی خێزان‌و تاکە کەسان دەگرێتەوە کە زۆر جار بە «بەلگەنامەی تایبەتی یان کاغەزی کەسی Personal papers هەندێك جاریش لە بوارێکی تەسکدا بە «دەستنووسە مێژوویەکان » ناودەبرێن ، ئیتر دەتوانرێت ووشەی ئەرشیف بەو واتایانەی خوارەوە بەکار ببرێت :

١ ـ هەر دەزگایەك یان دایەرەیەك کاری ئەوە بێت چۆنیەتی‌ی

بەڵگەنامەکان دیاری بکات و نرخیان و چۆنیەتی پێگەیشتن و پاراستن و ڕێکخستن و وەسف کردنیانی پێ سپێررابێت ، لەگەڵ ئامادەکردنی کاروباری تایبەت بە چاوگو سەرچاوە سوودبەخشەکاندا ، هەروەها نرخاندنی بەڵگەنامە و ئەو کاغەزانەی نرخی کاتی‌یان هەیە و دوورخستنەوەیان بڕیار بدات .

٢ ـ وشەی ئەرشیف بۆ خانوویەك یان لایەکی یان بەشێك لە بەشەکانی بەکار دەهێنرێت کە شتومەکی ئەرشیفیان تێدا پارێزرێت ، بە مەرجێك شوێنی بەڕێوەبردن و ، ئاسان کردنی کاروبار بۆ هەموو ئارشیفیست و ئەوانەی کاروباری بەڵگەنامەکان دەگێڕن تەرخان بکرێت ، سەرەڕای ئەو کەس و توێژینەوەرانەی پێویستیان بە بەڵگەنامە دەبێت بۆ مەبەستی خوێندن و لێکۆڵینەوە بەکاریان دەهێنن .

٢ ـ ئەرشیف لە لایەنی زمانەوە .

وشەی «ئەرشیف "Archive" بە دوو شێوە هاتووە ، فرمان و ناو ، وەکوو فرمان بە واتای کاغەز و فایلەکانی خستە ئەرشیفەوە ، فرمانی رابوردووی Archived بەواتای ئەرشیفی کرد . هەروەها هەمیشە بەشێوەی ناوی کۆ archives هاتووە ، وشەی ئەرشیف لە وشەی (ئارخیۆن یان ئارشیۆن (Archeion)ی لاتینی‌یەوە هاتووە کە بە بازنێك لە بازنەکانەوە دەلکێت ؛ لە بنەڕەتدا بە دۆسی و بەڵگەنامەکانی میری دەووترا ؛ واتە ئەرشیفی گشتی. بەکارهێنانی ئەرشیف لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا باوە ، بە فەرەنسی پێی دەووترێت (ئارشیف) ، بە ئنگلیزی (ئارکایفز) کە لە سالی ١٦٠٠ دا بۆ یەکەمین جار بەکارهێنرا لەمەشەوە وشەی (ئارکایفیست Archivist) بە ئنگلیزی و ئارشیفیست بە فەرەنسی کە واتای (بەڵگەنامەکار) دەگەیەنێت یان ئەو کەسەی لە ئەرشیفدا کارێکی بەرزی لەژێر دەستەلاتدایە.

دەستەلاتی بەڵگەنامەیی (ئەرشیفی)
Archival Authority

بەڵگەنامەی ئەرشیفی
Archival Document

ئامۆژگا یان دەزگایەکی ئەرشیفی
Archival Institution

سەرچاوە ئەرشیفیەکان
Archival References

زانستە ئەرشیفیەکان
Archival Sciences

لێکۆڵینەوە ئەرشیفیەکان
Archival Studies

زانستی ئەرشیف کردنیش پێی دەگوترێت (ئارشیفۆلۆژی Archivology) کە چاووکی وشەکە ئارشیفاج = (Archivage) ، لێرەدا وشە فەرەنسی‌یەکە بەکار دەهێنرێت چونکە فەرەنسیەکان یەکەمین کەس بوون بەکاریان هێناوە ، بۆیە بەم شێوەیە بڵاو بووەتەوە .

وشەی (پری ئەرشیفاج ـ Pre-archivage) یش واتای بەر لە ئەرشیف کردنە وەك چۆن بە ئنگلیزی دەڵێین (Prehistory) بەر لە مێژوو .

پری ئەرشیفاجیش لە قۆناغە گرنگەکانی کاروباری ئەرشیفە کە وا ئەو قۆناغە دەگەیەنێت کاغەز و بەڵگەنامەکانیان پێدا تێدەپەڕێت بەر لەوەی وەربگیرێن و پێڕست بکرێن و شێوەیەکی هونەری هەڵبگیرێن تاکوو بە ئاسانی لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە بەکار بهێنرێن ، تا لەم بارەدا بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی

Archival Document

لە هەندێك وڵاتدا بەکارهێنانی وشەی Record ڕیکۆرد بە باشتر دەزانن بۆ دەستنیشانکردنی بەڵگەنامەی ئەرشیفی وەك لە دەوڵەتانی کۆمنوێلس و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەکاری دەهێنن .

با تۆزێك لەلای وشەی (ئەرشیف کردن ـ الارشفة) * رابوەستین وەك چاوکێك لەسەر کێشی (فعللة = سێ بڕگەیی) دەڵێین بۆچی لە زمانەکەماندا بەکاری نەهێنین ، مادام چەندین وشەی بێگانەی شارستانیانەمان بەکار هێناوە لەوانەیشدا (ئەرشیف) هەوڵ دەدەین هەر سێ کاتی فرمانی لێوە وەربگرین دەڵێین :

ارشف ئەرشیفی کرد
لە رابوردوودا
یۆرشف ئەرشیف دەکات
لە ئێستادا (رانەبوردوو)
ارشیف ئەرشیف بکە
(بۆ فەرمان پێ‌کردن)

لێرەدا دەتوانین وشەی (مؤرشف) واتە ئەرشیفکار

لەسەر کێشی (مؤرخ) وەربگرین بۆ دیاری کردنی ئەو کەسەی لە ئەرشیفدا کار دەکات ئەمەیش بە ئنگلیزی بە وشەی Archivist دەردەبڕێت .

ئێمە هەرگیز ئارەزووی بەکار هێنانی زاراوەی بێگانە ناکەین و حەزی پێ ناکەین ، ئەگەر چی زمانە قەشەنگەکەمان وشەو واتای زۆری تێدایە ، ئەوا خۆمان ناچار دەبینین لە بەکارهێنانی وشەی (ئەرشیف)دا داوای لێبوردن بکەین ، بەوەی کە وشەیەکی وشە نوێیەکانی شارستانییە ، ئەویش وەکوو ئەو سەدان وشانەی کە شارستانیەتی ی هاوچەرخ بەسەریدا سەپاندووین و هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە وەکوو : فەلسەفە ، جوگرافیا ، تەلەفزیۆن ، رادیۆ ، تەلیفۆن ، مایکرۆفیلم ، سینەما ، کابلۆ ، لە دوایشدا (ئەرشیف) کە لە نێو ووشەو زاراوەکاندا وشە ـ یەکمان بەرانبەر نەدۆزییەوە وامان بە باش زانی جارێك لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بەکاری بهێنین :

١ ـ لەبەر ئەوەی لە بواری جیهانیدا باووبڵاوە .

٢ ـ لەبەر واتای زاراوەیی و زمانەوانیی ووردو دەربڕی .

٣ ـ لەبەر ئەوەی درەنگ چووینەتە مەیدانی لێکۆڵینەوەو رێکخستنی بەڵگەنامەو ئەرشیفەوە لە چاو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی تری ئەم بوارەدا .

٤ ـ لە دوایشدا چونکە زۆربەی سەرچاوەو چاوگەکان ئەوانەی لەم زانستە نوێیە دەکۆڵنەوە بە زمانە جیهانیەکانی وەك فەرەنسی و ئنگلیزی و ئەڵەمانی و ئیتالی و ئەسپانی و هی تر نووسراون و تۆمار کراون ، ئەوەیش بە زمانی عەرەبی نووسیرابێت دیارە دەگمەن و کەمە ، لەبەر ئەمەیە ناچارین ئەم وشەیە بەکار بهێنین ، بۆ ئەوەی بکەینە کاروان و ئەوەی لە رابوردوودا لەدەستمان چووە دەستەبەری بکەینەوە .

بەشی دووەم
مێژووی ئەرشیف

لە سەردەمە کۆنەکاندا :

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت کە ئەرشیف لە شارستانیی رۆژهەڵاتی کۆندا هەبووەو زانراوە هەروەها لەلای گریك و رۆمانەکانیش . لە مێژوودا زانراوە کە وڵاتی میسۆپۆتامیا یەکەمین شوێنی نووسین و تۆمارکردن بووە . ئەوەبوو عیراقییە کۆنەکان نووسینی بە وێنەیان داهێنا واتە Pictographic ئەویش لە بەشی دووەمی سەردەمی وەرکاء (ئوروك)دا نزیکەی ٣٥٠٠ پ.ز ، زانیاری و زانستەکانیان لەسەر قوڕو بەرد تۆمار کردووەو ، لە عیراقەوە وشەی نووسراو بە ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی کۆندا بڵاوبووەوەو بەکار هێنرا .

عیراقییە کۆنەکانی وەکوو سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و کلدانییەکان ئەرشیفیان زانیوە هەروەها میسرییە دێرین و مادەکان و فارس و نەتەوەکانی تریش زانیویانەو لە تواناداییە ئەو خشتە قوڕو تەلەبەردو نووسراوانەی تر کە بەجێیان هێشتووە ، بە مادەی سروشت و ئەرشیفی دابنرێن .

ئەوسا کەرەستەکانی ئەرشیف هەروەها کەرەستەکانی کتێبخانە زۆر جار لەیەك جێگادا دەپارێزران ، ئەگەرچی ئەوە پەرستگا یان کۆشکی پادشایان یان جێگای تر بووایە ، لە چەرخە کۆنەکانیشدا شارستانیەتەکانی سەرەتا جیاوازییان لە نێوان کتێب و بەڵگەنامەدا نەدەکرد ، بە وشەیەکی تر جیاوازییان لە نێوان سەرچاوەو Sources لە نێوان چەشنەکان و شێوازەکانی بەڵگەنامەیی (التوثیق) Documentation نەدەکرد(٣)

ئەوەبوو سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و حەیسی و میسرییە کۆنەکان ، لەبەر چەند هۆیەکی بەڕێوەبردن ئەرشیف و کتێبخانەیان تێکەڵی یەك دی دەکرد ، لەسەر ئەم بناغەیەیش ئەو ئەستوورانەی (کۆگ ـ عەمبار) کە هەموو چەشنە شتومەکی ئەرشیفیان تێدا بووە کە لە سەدەی رابوردوودا پشکنینی شوێنەوارەکان ، لە ژمارەیەك لە شارە کۆنەکانی عیراقدا ، پەردەیان لەسەر لادان ، زانایانی شوێنەوارو مێژووناسەکان بە گەنجینەی (ئەمباری) کتێبیان دانان وەکوو کتێبخانەی ئاشوور بانیپال لە نەینەوا ، بەڵام

لە راستیدا شتەکە پێچەوانەی ئەوەیە ، ئەم ئەمبارانە لەوەوە نزیکن کە ئەرشیف بووبن بە بەڵگەی شتومەکە ئەرشیفیەکان کە بەشی گەورەی پێك دەهێنن ، ئەوانە کتێبخانە نین بەڵکوو ئەمباری بەڵگەنامەکانن (ئەرشیف) وەکوو ئەرشیفی شارە کۆنەکانی عیراق لە: نیفر ، درێهم ، نەینەوا ـ واتە کتێبخانەی ئاشوور بانیپال ـ ، ئەدب (بسمایە) سەببار (ابو حبە) ، بابل ، کیش ، تەللو ، وەرکاء ، ئەرووك) ، تەل حرمل (شادبور) ، ئاشوور ، نووزی (ترکلان) ، تیسفون (مەداین) و ئەنباری کۆنی تری کتێب لە عیراقدا .

لە سەردەمی گریکەکاندا :

هیچ بەڵگەیەك نی‌یە کە گریکە کۆنەکان ئەرشیفیان هەبووبێت . چونکە وشەی (بیلیوتیکە (Biblioteke)ی گریکی کە (ببلیوتیکا)ی لاتینی بەرانبەرە بریتی بوو لە ئەمبار بۆ پاراستنی سامان‌و شتومەك کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێین (شتومەکی ئەرشیفی) . تاقە ئەرشیفێکی ڕێك‌و پێك کە تێکستی یاساکانی تێدا دەپاراست . ئیفیالتسی سەرۆك‌و سیاسی زانی ئەثینایی لە دەوروبەری ساڵی ٤٦٠ پ . ز دا دای‌مەزراندبوو ؛ سەدەیەك بەسەر ئەوەدا تێ نەپەڕی، تا وای لێ هات هەموو ئەمبارەکانی دۆسییەکان لە ئەسینا یەك خران‌و لەیەك جێگادا کۆ کرانەوە ئەویش لە پەرستگای تەرخان‌کراو بۆ پاراستنی دایکی خودایان کە بە ناوی (میترۆن) دەناسرێت .

هەڵبژاردنی پەرستگا بۆ جێگای پاراستن ، دوو چاکەی تێدایە : لە لایەکەوە شوێنێکی ئەمینە ، لە لایەکی ترەوە پیرۆزە . بەڵام سەردەمی جیاکردنەوەی شتومەکی ئەرشیفی‌و شتومەکی کتێبخانە بۆ سەدەی یازدەهەمی زایینی و ، ئەو پەرەسەندنە هونەری‌یانەی بواری چاپەمەنی دەگەڕێتەوە .

ئەوسا یاساکان لە (میترۆن)دا دەپارێزران‌و بڕیارو مەرسووم‌و ڕاپۆرتی تایبەت بە کۆبوونەوەکان لە ئەنجوومەنی پیران‌و ئەنجوومەنی گشتی‌دا دەپارێزران‌و ، بڕیارەکانی دادگاکانی (جنائی)و ، قەیدەکانی دارایی‌و نوسخەی بڕیارەکانیش لە دەستەی باڵای (قضائی)ی دەوڵەت وەردەگیران. بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی شێوە نائاسایی کەسایەتییان هەبوو ، لە جێگایەکی تایبەتی‌ی خۆیان دەپارێزران .

ڕەنگە شارەکانی تریش ، ئەگەرچی لێیشی دڵنیا نین . ئەرشیفی تایبەتی‌ی خۆیان هەبووبێت . میحرابی پیرۆزیش لە پەرستگای « دلفی » ئەرشیفی بڕیارە کۆنەکانی تێدا بوو ، بنەڕەت یان کەلالەی بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفدا دەپارێزران . بەڵام نوسخەی گشتی Version و بڕیارە بڵاوکراوەکان یان ئەوانەی دەربارەی مەسەلە ئاسایی‌یەکان ڕەش دەکرانەوە ئەوا لە چەشنی (نوسخە)دا دەردەچوون ، هەڵەیشە ئەگەر وا بزانرێت کە پەرستگایان جێگا گشتی‌یەکان کە بۆ پێ‌سپاردنی ئەم جۆرە مەسەلانە تەرخان کرابوون بە ئەرشیف دابنرێن .

ئەو دام‌و دەزگایانەی سەر بە دەوڵەت بوون‌و تۆمارەکانی خۆیان دەپاراست ، زۆر جار ئەو شتانەیان دەگوێزایەوە ئەرشیف . بەڵام بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ڕەسمی دەتوانرا دانە ئەسڵی‌یەکە جارێکی تر وەربگیرێتەوە ، هەروەها هاوڵاتییان دەیان توانی چەند نوسخەیەکی لێ وەربگرن . بەڵام بەرپرسیاری ڕەسمی‌ی پاراستن‌و سەرپەرشتی کردنی ئەرشیف لە هەموو کاتێکدا بە جۆرەها مووچەخۆر دەسپێررا ، بەڵام ئیشی بنەڕەت لە ئەستۆی دەستەیەك بوو کە لە ئەمیندارەکانی بەڵگەنامەکان پێك هاتبوون واتە ئەرشیفیست‌و نووسەرەکان .

لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا :

ئەو شتانەی سەبارەت بە بەڕێوەبردن‌و کاروباری ئەرشیف لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا لەبەر دەستماندان لە هی گریکەکان زۆرترن‌و ئاشکراترن ، ئەوەبوو لە سەردەمە کۆنەکاندا بەڵگەنامەو دۆسیێکان لە کۆشکی شادا ، ئەنجا لە ماڵی باڵیۆزەکاندا ، دەپارێزران . کە سەدەی پێنجی پێش زایین هات ، لەبەر هەندێك هۆی سەلامەت‌و هێمنی ئەو بەڵگەنامەو دۆسیێیانە گوێزرانەوە خانوو بەرەی گشتی .

یەکە ئەرشیف ئەوە بوو کە سیاسەتکاری بەناوبانگی ڕۆمان (ڤالیریۆس پۆبلیکۆلا) لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٩ پ . ز دا دای‌مەزراند ؛ شوێنەکەیشی لە (ئیراریۆم) یان گەنجینەی ناو پەرستگای خودای (زومەی‌ساتێرن)دا بوو کە خودای کشت‌وکاڵی ڕۆمانەکانە . لەم شوێنەدا یاساو مەرسوومەکان (decrees) و پەیڕەوەکانی (acts) ئەنجوومەنی پیران (یان پەرلەمان)و قەباڵە (مستندات)ی ئەو ناوچانەی سەر بە پیران هەروەها موعامەلات‌و قەیدنامە دارایی‌یەکان دەپارێزران . بەڵام بەڵگەنامە دەوڵەتی‌یەکان ـ واتە ئەوانەی پەیوەندی‌یان بە دەوڵەتە بێگانەکانەوە هەیە ـ لە (کاپیتۆل)دا دەپارێزران .

چەند ژمارەیەکی ئەرشیف لە ڕۆمادا هەبوون ، بگرە لە سەردەمی کۆماریشدا کەوا لە ژێر چاودێری‌ی مووچەخۆری پلەو پایە جیاوازدا بوون . بەڵام لە سەردەمی ئەمپراتۆریەتدا خانوویەك دروست کرا بەناوی خانووی بەڵگەنامەکانی فەڕاڵ دەناسرا یان ئەرشیفی ئەمپراتۆر کە نەك هەر هەموو کاغەزەکانی ئەمپراتۆر خۆی تێدا دەپارێزرا ، بەڵکو هەموو (گەواهنامە ـ مستمسك)و (قەباڵە ـ مستند)ە ڕەسمی‌یەکانیش . ئەم ئەرشیفانەیش لە دوادوایی سەردەمی ئەمپراتۆریەت

...هەر مابوون . سەرەڕای ئەرشیفەکانی شارەوانی کە باساو ڕۆژیمە تایبەتی‌یەکانی ئەنجومەکانی شارەوانییان تێ دەخرا ، هەروەها ئەیدنامەو دۆسێ دارایبەکانو بڕوانامەی لەدایك بوونو مەسەلەکانی منداڵ ڕاگرتن (التبنی)و سامانو مولكو ماڵو ئەو مەسەلانەی لەم جۆرەنو پەیوەندیيان بە تاکە کەسانەوە هەیە . (٤) .

بەلام ئەرشیفی ناوچەکان ، سەرەڕای بەلگەنامەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی ، هەموو بەلگەنامەو (گەواهنامە ـ مستمسك)و سەنەدی تایبەت بە زەوی‌وزارو سەرژمێری‌ی دانیشتووانو ڕێککەوتننامەو لەدایك بوونی تێدا بوو . هەروەها لە هەر ئۆردوگایەك لە ئۆردوگاکانی ڕۆماندا ئەرشیفێکی سوپایی هەبوو . هەروەها ئامۆزگا ئایینییەکانیش (٥) هەر یەکەی ئەرشیفێکی تایبەت بەخۆی هەبوو .

ئەوەندەی ئەبرد چاودێری‌و سەرپەرشتی کردنی ئەرشیف لە کۆتایی سەردەمی ڕۆمانەکاندا نزم بووەوە تا وای لێهات بەرەو پلەیەکی خراپ چوو ئەوەبوو ئەمپراتۆرەکانی ڕۆمان زۆریان بایەخ بە چاودێری کردنو پاراستنی بەلگەنامە گشتی‌یەکان دا ، ئەوەبوو

یاساکەی جستنیانی یەکەم (٥٢٩ ز) جێگایەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرا بۆ ئەوەی لە ئەرشیفدا بپارێزرێتو چەند ئەرشیفستێکی بۆ دامەزرێنرا ، ئەرشیفەکانیش لە لایەن چەند مووچە خۆرێکی کارامەو چەند ...سەرێکەوە بەڕێوە دەبران ، کە بە پێی زنجیرەی کات (کرۆنۆلۆژی) ڕێك دەخرانو سیستەمی ژمارەی تایبەت بە خۆیان هەبوو ، بۆ ئاسان کردنی ئەرکو هەولی تۆژینەوەو ئەو کەسانەی سەر لەو شوێنانە دەدەن بۆ ئەوەی چەند دانەیەکی مۆرکراوو باوەڕ پێکراوی (قەبالە ـ مستمسك)و بەلگەنامەکانیان چنگ بکەوێت .

ئەمپراتۆر مەکسیملیانی یەکەمیش (١٤٩٣ ـ ١٥١٩) هەولی دا ئەرشیفێکی ناوەندی بۆ ئەمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمان دابمەزرێنێت . بەلام لەم بوارەدا سەرکەوتنی وەچنگ نەخست .

لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا :

دەبینین شێوەی کۆنینەی پاراستنی بەلگەنامەو شتە گرنگەکانی تر لە پەرستگاکاندا ، لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا دووبارە دەبێتەوە کاتێك کە دۆسێکانی سەر بە دەستەلاتە شاری‌یەکان لە (دێر)ەکاندا دەپارێزران .

لە کۆنیشدا ئەمپراتۆرەکانی ڕۆمان بڕیارەکانی خۆیان لە کۆشكو پەرستگاکانیاندا دەپاراست . بەلام لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا کاتێك دەستەلاتەکان زۆر بوونو (امتیاز)ی جۆراوجۆرو دەرەبەگایەتی سەریان هەلدا ، هەر لایەك دەستەلاتی هەبووایە ئەرشیفی تایبەت بە خۆی دەبوو ، مافو امتیازەکانی خۆی نیشان دەدا . ئەم جۆرە ئەرشیفەوە نەبوو کە پادشا خۆی ئەرشیفەوە نەبوو کە پادشا خۆی هەبوو . لەوانەیە گرنگترین کەلەپوورێك کە بۆ ئەورووپا لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا بەجێ مابێت بەلگەنامەکانی کلیسا بێت کە لەو سەردەمانەدا کلیساکان لە بێنەو بەردەی جەنگو لە تالان کردن بە دوور بوون . (٦)

لە وولاتانی ڕۆژئاوادا ئەرشیفەکانی قەشەو باپاکان لە دێرو کلیسای مەسیحی‌یەکاندا پردێك پێك دەهێنین سەردەمە کۆنەکان بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبەستن ، ئەویش لە چوارچێوەی بەردەوامی‌ی کاری ئەرشیفی‌ی دەولەتی بیزەنتییەکاندا کە ڕۆژگارەکە مەیلەو هێمنی‌و ئاسایش دەڕۆیشت ، بۆیە جۆرە بەردەوامی‌یەك لە ڕێکخستنی ڕۆمەکاندا هەبوو ، بە پێچەوانەی لایەکانی ئەمپراتۆریەتی ڕۆژئاوای ڕۆمانی کەوا دەرباری فەرمانڕەواکان لە جێگەیەکەوە دەچوو بۆ جێگەیەکی تر ئەمەیش وای کرد کاروباری ڕێکخستن کارێکی گران بێت .

دەشتوانرێت بووترێت کە پادشاکانی ئەورووپا دوو جۆرە ئەرشیفیان هەبوو :

١ ـ ئەرشیفی چەسپاو .
Stataria

٢ ـ ئەرشیفی گەڕۆك .
Viatoria

ئەمانەیش هەر لە سەدەی دوازدەهەمەوە هەبوون .

ئەرشیفی گەڕۆکیش هەمیشە تووشی مەترسی دەبێتو دیارە بچووکیشە چونکە کەمترین بەلگەنامەی گرنگو چاکی تێدا دەبێت . مێژوویش بۆمانی دەگێڕێتەوە کە فیلیب ئۆگستوس شای فەرەنسا لە ساڵی ١١٩٤ ز دا لە جەنگەکانی لەگەل ریکاردۆس (ریتشارد) شێر دلدا زۆر لە

بەلگەنامەکانی لەدەست چووە ئەمەیش بۆ دەستو پێوەندەکانی پالپێوەنەرێك بوو هەر بەلگەنامەو رێککەوتننامەیەك بووە روونووسی بکەنەوە ، هەمووشیان خستووەتە نێو سندووقەوەو لە خانوویەکی تایبەتیدا پاراستوویانە کە سەرچاوەی هەموو خەزنەی بەلگەنامەکانە کە بارەگای لە (لۆڤەر)دا بوو ئەنجا دوای ئەوە لە سەردەمی لویسی نۆیەمدا (١٢١٤ـ ١٢٧٠) گوێزرایەوە (سانت چاپل دوپالاس) ، بۆ نیشاندانی شوێنی ئەم ئەرشیفەو بایەخی لای پادشایان ، کە شوێنێکی وەك ئەستۆر بووە بۆ ئەو بەلگەنامانەی مافی پادشا دەپارێزن ئەوەیە کە شارلی پێنجەم ووتوویەتی :

« ئەو شانازییەکی زۆر بەم گەنجینەوە دەکات پتر لە شانازی کردنی بەو گەنجینانەی کە پارەو خشلی تێدا دەپارێزێتو هەل دەکرێت ، لەم گەنجینەیەدا (امتیاز)ەکانی خۆی دەپارێزێتو بەویش مافەکانی تاج دەپارێزێت ».

هەموو پادشاکان هەولی ئەوەیان داوە لەم گەنجینەدا هەموو ئەو شتانە بپارێزن کە پشتگیریی مافەکانیان دەکەنو تەختی پاشایەتییان دەچەسپێنن ، هەموو بەلگەنامەیەکیان تێدا دەپاراست هەر جۆرە مافێکی بچەسپاندبا . لە سالی ١٦٢٦ دا شارل بریارێکی دەرکرد کە . . هەموو رێککەوتننامەیەك یان یادداشتێك یان پاسانامەیەك یان رێنوێنییەك پەیوەندیی بە مافەکانی تاجو دەستەلاتییەوە هەبوبێت بخرێنە نێو ئەم ئەرشیفەوە .

دەستە شارییە (ئاثاپینیەکان)، هەر لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمو دوازدەهەمی زایینیو لە پاشیشدا، پەنایان بردە بەر ئەوەی کاغەزو بەلگەنامەکانیان لە ئەرشیفەکانی کلیساکاندا بپارێزن ، ئەوەی لە ئەو بەلگەنامانە ماوەتەوە ژمارەیەکی زۆر پێك دەهێنێت پێش ئەوەی ئەستۆر (ئەمبار)ی بەلگەنامەکان دابمەزرێن سەرەرای ئەوەی ئەرشیفی لاوەکی هەبووەو لێرەو لەوێ بووە .

لەو شتانەی گومانیان لێ دەکرێت ئەوەیە کە ئیشارەت یان بەلگە هەبووبێت ئەوە بچەسپێنێت کە لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا ئەرشیف دامەزرابێت ، بەلام هیچ گومانێك لەوەدا نییە ئەم ئەرشیفە لە ناوەراستی سەدەی شەشەمدا هەبووبێت . « پۆلی پێنجەم (Paul V) یش بە (Panl

دامەزرێنەری ئەرشیفی فاتیکان دادەنرێت ئەویش لە سەرەتای سالانی سەدەی حەڤدەهەمدا . ئەمەیش ئەوە دوور ناخەنەوە کە چەند ئەرشیفێك لە چەند ژمارەیەکی کلیساکاندا هەبووبێت بۆ سەدەی هەشتەمو نۆیەمی زایینی بگەرێنەوە .

ئەوەبوو لە هەریەکە لە فەرەنسار ئیتالیادا لەسەر رژێمی بەلگەنامەو ئەرشیفە شارییەکان رۆیشتن کە بە

(Gesta Municipalla) دەناسرێتو کە لە ئەمبراتۆریەتی رۆماندا تاوەکوو سەدەی نۆیەمو دەیەمی زایینی باو بووە بەلام بەناوی (ئەرشیفۆم کیوریا ـ (Archivum Curiae- واتە بەلگەنامەکانی دایەرەی پاپ .

(١) بۆ زانینی ئەوەی دەربارەی ووشەی ئەرشیف نووسراوە بروانە ئەم سەرچاوانە :

ئینسکلۆپیدیای بریتانیا (E.B.) . ئینسکلۆپیدیای جیهانی (E.I) و هی تر .

(١) بروانە ئنسکلۆپیدیای جیهانی E. I ماددەی ئەرشیف Archives

* تێبینیی وەرگێر : ئەمە لەچاو دارشتنو بەکارهێنانی ووشەکە لە زمانی عەرەبیدا .

(٣) بروانە بابەتی : archives لە هەردوو بەشی E . I و E . B . دا .

(٤) بروانە ئینسکلۆپیدیای بریتانی E.B. باسی ئەرشیف .

(٥) Priestly College

(٦) الوثائق التاريخية ـ مامۆستا محمد احمد حسين القاهرة ـ ١٩٥٤ ل ١